# ستیللایڤ

( "بەکری " خطاط

بەکری هونەرمەند و پێشمەرگە

بۆ هەمیشە لە زهنی مندا دەمێنێتەوە )

***سابیر صدیق***

**سەرت**

**چواردەوری گیراوە**

**هەور..**

**دەیەوێ بیکاتە خەو**

**با..**

**دەیەوێ بیرفێنێ و**

**وەک پۆستەری شەهیدێک**

**بەدیواری**

**مزگەوتێکدا دای بکوتێ**

** ** **

+ **سەرت**

**لەدەست ئەم بایە دەرناچێ**

ئەم بێدەنگیە

زۆر لەدڵت گەورەترە

– هیچ مەهەژێ

دڵ بێشەیە

بێدەنگیشم

لە چاوی

ئافرەتێکی ئەسمەر دەچێ

ئێوارەیەکی جیوەیی

کۆچی کرد و

کەس نەیزانی

بۆ کوێ ئەچێ

** ** **

خەونەکانت هەڵگرە

شەوێکی بێدەنگ

لە چەقی دووڕێیانێکدا

بۆ کۆتەرە دارێک

یان بۆ تاشە بەردێکی بگێڕەوە

** ** **

خەونەکانم هەڵگرتووە

**دڵم**

**بەسەمفۆنیای سروشتەوە لکاندووە**

**نیگام**

**بە گۆی مەمکی**

**ئافرەتە ئەسمەرەکەو**

**پایزێکی**

**هەمیشەیی گۆشکردووە**

** ** **

**لێتان**

**دووردەکەومەوە**

**شوێن پێکانی دەدۆزمەوە**

**سروشت**

**لە پاشکۆما سوار دەکەم**

**بە شوێن بۆنی " تیرۆزە"کەی سەر سنگی و**

**هەناسەیدا سەر هەڵدەگرم**

**شەوێکی بێدەنگ**

**لە چەقی دوورێیانێکدا**

**تێر لە ئامیزی دەگرم**

**خەونەکانمی بۆ دەگێڕمەوە**

**تارماييەكی سپی بەفر ئاسا**

**لەبەر نیگای حەپەساویا دەتوێنمەوە**

**پێی دەڵێم:**

**هیچ مەهەژێ**

**هەموو شەوێ سەعات دوانزە**

**ئەم دەنگە ترسناكە هەیە**

**لوورەی بكوژو كوژراوانی**

**ئەم شەڕە بەدەیە**

"بەسەر كردنەوەيەكی خێراتر"

**سەرت چواردەوری گیراوە**

**هەور دەیەوێ بیكاتە خەو**

**با دەیەوێ بیڕفێنێ**

*

**خەونەكانت**

**شەوێكی بێدەنگ**

**لە چەقی**

**دوووووووو...**

**ووتم:**

**لێتان دوور دەکەومەوە**

**بەشوێن بۆنی هەناسەیدا سەر هەڵدەگرم**

**شەوێکی بێدەنگ**

**لەچەقی دوو ڕێیانێکدا**

**دەیدۆزمەوە**

**هەر لەدوورەوە**

**بانگ دەکا وەرە**

**دەزانم هێشتا**

**خوماری شەوی**

**ئێرە..**

**ئەم جێیە**

**بێژانە سەرە**

**نەبازنە هەیە**

**نە خەو نە مردن**

**نە بازنە هەیە**

**نە خەو**

**نەمردن**

*  *  *

**دەچمە پێشەوە**

دەڵێم:

خومار نیم

کاس و تاساوی

مەرگی ناوەختم

پاڵتۆ سەوزەکەم دەکەمە بەری و

جگەرەیەکی بۆ ڕۆشندەکەم

پێی دەڵێم: ( بەکر)

کۆچی خێرت بێ

من دەبێ جارێ

لەناو ئەم دەنگە زبرو گڕانە

لە ناو ئەم نیگا ساردو سڕانە

بمێنمەوە

من دەبێ

جارێ

ب

مێ

ن

مەوە

قەرەداخ 1987